# هەڵسەنگاندنی ڕوانگەی تیۆری فێمەنیستی بۆ بەشداریکردنی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا

م.ی نەرمین حسین احمد
narmeen.ahmed@univsul.edu.iq
پ.د. أنور محمد فرج
anwar.faraj@univsul.edu.iq
**زانكوي سليماني / كوليژى راميار**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ڕوانگەی تیۆری فێمەنیستی بۆ بەشداریکردنی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا هەڵدەسەنگێنێت، بەو پێیەی فێمەنیزم چوارچێوەیەکی شیکاریی ڕەخنەیی پێشکەش دەکات کە چەمکی ئاشتی لە (ڕاگرتنی توندوتیژی)یەوە دەگوازێتەوە بۆ (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان). توێژینەوەکە لە سێ ئاستدا کار دەکات: چوارچێوەی تیۆری و چەمکسازی (فێمەنیزم و بونیادنانی ئاشتی)؛ شیکردنەوەی سەرکەوتن و شکست و وانە وەرگیراوەکان لە ڕێگەی ئەزموونە بەراوردکارییەکانەوە (ئیرلەندای باکوور، ڕواندا، ئەزموونی کوردی) و ناکۆکییەکانی جێبەجێکردنی تیۆرییەکە لە واقیعدا. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بەشداریی کارای ژنان مەرجێکی بونیادییە بۆ ئاشتیی بەردەوام نەک زیادکردنێکی ڕەمزی و کەلێنی نێوان تیۆری و پراکتیک لە بنەڕەتدا کەلێنی دەسەڵاتە نەک مەعریفە، چونکە بونیادە سیاسی و کەلتوورییەکان دەتوانن تیۆرییەکە لە بەها ڕزگاریخوازەکەی داماڵن.

**وشەکلیلیەکان: تیۆری فێمەنیزم، بونیادنانی ئاشتی، بەشداریی ژنان، بڕیاری ١٣٢٥، دادپەروەریی جێندەری، کۆتای ژنان.**

## تقييم المنظورات النظرية النسوية حول مشاركة المرأة في بناء السلام

**م.م. نەرمین حسین احمد**
**narmeen.ahmed@univsul.edu.iq**
**أ.د. أنور محمد فرج**
**anwar.faraj@univsul.edu.iq**
**جامعة السليمانية / كلية العلوم السياسية**

الملخّص

تتناول هذه الدراسة تقييم المنظور النظري النسوي لمشاركة المرأة في بناء السلام، باعتبار أنّ النسوية تقدّم إطاراً تحليلياً نقدياً ينقل مفهوم السلام من (وقف العنف) إلى (العدالة الاجتماعية وإعادة بناء العلاقات). وتعمل الدراسة على ثلاثة مستويات: الإطار النظري والمفاهيمي (النسوية وبناء السلام) وتحليل النجاحات والإخفاقات والدروس المستفادة عبر تجارب مقارنة (أيرلندا الشمالية، رواندا، والتجربة الكردية)؛ وتناقضات تطبيق النظرية في الواقع. وقد توصّلت الدراسة إلى أنّ المشاركة الفاعلة للمرأة شرطٌ بنيويّ للسلام المستدام لامجرّد إضافة رمزية، وأنّ الفجوة بين النظرية والتطبيق هي في جوهرها فجوة سلطة لا فجوة معرفة، إذ تستطيع البنى السياسية والثقافية أن تُفرغ النظرية من مضمونها التحرّري.

**الكلمات المفتاحية: النظرية النسوية، بناء السلام، مشاركة المرأة، القرار ١٣٢٥، العدالة الجندرية، كوتا المرأة.**

## Evaluating Feminist Theoretical Perspectives on Women's Participation in Peacebuilding

**Narmeen Hussein Ahmed**
**narmeen.ahmed@univsul.edu.iq**
**Prof. Dr. Anwar Mohammed Faraj**
**anwar.faraj@univsul.edu.iq**
**University of Sulaimani / College of Political Science**

**Abstract**

This study evaluates the feminist theoretical perspective on women's participation in peacebuilding, on the premise that feminism provides a critical analytical framework that shifts the concept of peace from the mere "cessation of violence" toward "social justice and the rebuilding of relationships." The study works on three levels: the theoretical and conceptual framework (feminism and peacebuilding); an analysis of successes, failures, and lessons learned through comparative experiences (Northern Ireland, Rwanda, and the Kurdish experience); and the contradictions of implementing the theory in reality. The study concludes that women's effective participation is a structural condition for sustainable peace rather than a symbolic

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

addition, and that the gap between theory and practice is fundamentally a gap of power rather than of knowledge, since political and cultural structures can strip the theory of its emancipatory content.

**Keywords: Feminist theory, Peacebuilding, Women's participation, Resolution 1325, Gender justice, Women's quota.**

## پێشەکی

بابەتی بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا، بەتایبەت دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان و گەشەکردنی ئەجێندای (ژن، ئاشتی و ئاسایش)، بووە بە یەکێک لە پرسە ناوەندییەکانی توێژینەوە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان. گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە ئاشتی بە مانای هاوچەرخی خۆی تەنها بە ڕاگرتنی شەڕ یان واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک بەدی نایەت، بەڵکو پەیوەستە بە دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پچڕاوەکان و دروستکردنی دەرفەتی بەشداریی دادپەروەرانە بۆ ئەو توێژانەی پەراوێز دەخرێن. لەم سۆنگەیەوە، تیۆری فێمەنیزم بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی و شیکاری دەردەکەوێت، چونکە پرسیار دەکات لەوەی کێ ئاشتی دادەڕێژێت و کێشەو ئازارەکانی کێ لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکاندا دەبینرێن.

## پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە: تا چەند ڕوانگەی تیۆری فێمینیستی دەتوانێت بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا لە ئاستی نوێنەرایەتیی ڕواڵەتی و ژمارەیی تێپەڕێنێت و بیگۆڕێت بۆ کاریگەریی واقعی لە داڕشتنی ئاشتییەکی دادپەروەرانە و بەردەوامدا؟ لەم پرسیارە سەرەکییەوە، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەش بداتەوە:

١. چۆن تیۆری فێمەنیزم چەمکی بونیادنانی ئاشتی لە ڕوانگەی جێندەرییەوە دووبارە دەخوێنێتەوە؟
٢. بەشداریی ژنان تا چەند کاریگەری لەسەر کوالێتیی ڕێککەوتننامەکان و دادپەروەریی جێندەری دروست دەکات؟
٣. گرنگترین هۆکارەکانی شکست و سنوورداریی بەشداریی ژنان لە پرۆسەکانی ئاشتیدا چین؟
٤. جیاوازیی نێوان تیۆر و پراکتیک و پێکهاتە کلتووری و سیاسییەکان چۆن کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی ڕوانگەی فێمینیستی دەکەن؟

## گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەمانەدا دەردەکەوێت:

١. خستنەڕووی ئەوەی کە بەشداریی ژنان تەنها بە ژمارە و ئامادەبوونی فەرمی ناپێورێت، بەڵکو بە ئاستی کاریگەرییان لە داڕشتنی ئەجێندا و بڕیاردان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان.
٢. ڕوونکردنەوەی گرنگیی تیۆری فێمینیستی وەک چوارچێوەیەکی شیکاری بۆ تێگەیشتن لە پەراوێزخستنی ژنان، لەگەڵ تیشکخستنە سەر ئەو جیاوازییەی نێوان گوتاری نێودەوڵەتی و واقیعی جێبەجێکردندا هەیە.
٣. دەرخستنی ئەوەی کە دادپەروەریی جێندەری و بەشداریی کاریگەری ژنان دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوام و گشتگیر.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١. ناساندنی چوارچێوەی تیۆری فێمینیستی و چەمکسازیی بونیادنانی ئاشتی و جیاکردنەوەی لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکانی ڕاگرتنی شەڕ.
٢. شیکردنەوەی سەرکەوتنەکانی بەشداریی ژنان لە باشترکردنی ڕێککەوتنەکان و هێنانەناوەوەی ڕەهەندی دادپەروەری، لەگەڵ دەرخستنی شکست و ئاستەنگەکان، بەتایبەت هەڵسوکەوتە نێرینەییەکان و لاوازیی پشتگیریی دامەزراوەیی.
٣. شیکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان تیۆر و پراکتیک لە جێبەجێکردنی تیۆری فێمینیستی لە واقیعی ململانێ و دوای ململانێدا.

## گرفتی توێژینەوەکە

گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە کە سەرەڕای گەشەکردنی گوتاری نێودەوڵەتی دەربارەی گرنگیی بەشداریی ژنان، هێشتا ئەم بەشدارییە لە زۆرێک لە دۆخەکاندا لە چوارچێوەی نوێنەرایەتیی ژمارەیی یان ئامادەبوونی ڕەمزیدا قەتیس دەمێنێتەوە؛ واتە ژنان دەکرێت لە شاند و لیژنە و دامەزراوەکاندا ئامادە بن، بەڵام ئەم ئامادەبوونە هەمیشە نابێتە هۆی کاریگەریی واقعی لەسەر ناوەڕۆکی بڕیارەکان و ئاراستەی پرۆسەی ئاشتی.

## گریمانەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانەیە دەوەستێت کە ڕوانگەی تیۆری فێمینیستی چوارچێوەیەکی شیکاریی بەهێز پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا، بەڵام کاریگەریی ئەم بەشدارییە تەنها کاتێک بەدی دێت کە لە ئاستی ئامادەبوونی ژمارەیی تێپەڕێت و ببێتە بەشدارییەکی کاریگەر لە داڕشتنی ئەجێندای ئاشتی، بڕیاردان، جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و بونیادنانەوەی متمانەی کۆمەڵایەتی.

## میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنیەتییە، نەک چەندایەتی، چونکە پشت بە ئامار و ڕاپرسی نابەستێت، بەڵکو پشت بە وەسفکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا لە ڕوانگەی تیۆری فێمەنیستییەوەیە د. بۆ ئەم مەبەستە،

توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی . شیکاری دەبەستێت بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکان، وەک فێمەنیزم، جێندەر، بونیادنانی ئاشتی و دادپەروەریی جێندەری.
هەروەها میتۆدی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی کەلێنی نێوان تیۆر و پراکتیک، میتۆدی بەراوردکاریش بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی چەند ئەزموونی جیاواز، وەک (ئیرلەندای باکوور، ڕواندا، ئەزمونی ژنی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان) لە هەندێك شوێنیش لە هەندێك شوێنیش ئاماژە بە هەندێك نمونەی تر کراوە وەکو کۆلۆمبیا و یەمەن، بەڵام ئەوان کەیسی سەرەکی توێژینەوەکە نین.
سەرچاوەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە کتێب، توێژینەوەی زانستی، بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بە ژنان، ئاشتی و ئاسایش.

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە شیکردنەوەی بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا پشت بە چوارچێوەی تیۆریی فێمەنیستی دەبەستێت. ئەم چوارچێوەیە بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەوەی ژنان چۆن لە پرۆسەکانی ئاشتی، دانوستان، بڕیاردان، دادپەروەریی ڕاگوزەر و بونیادنانەوەی متمانەی کۆمەڵایەتیدا بەشدار دەبن. لەم ڕوانگەیەوە، بەشداریی ژنان تەنها بە ژمارە یان ئامادەبوونی فەرمی ناپێورێت، بەڵکو بە ڕادەی کاریگەرییان لە داڕشتنی ئەجێندا، گۆڕینی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان و بەدامەزراوەییکردنی دادپەروەریی جێندەری هەڵدەسەنگێندرێت.
چوارچێوەی تیۆریی فێمینیستی هەروەها یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی ئەو بونیادە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوورییانەی کە دەبنە هۆی پەراوێزخستنی ژنان لە پرۆسەکانی ئاشتی و ئاسایشدا. بەم پێیە، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەم چوارچێوەیەوە سەرکەوتن، شکست و ناکۆکییەکانی نێوان تیۆر و واقیع بخوێنێتەوە، و ڕوون بکاتەوە کە ژینگەی کلتووری، سیاسی و دامەزراوەیی چۆن کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی ڕوانگەی فێمینیستی لە بونیادنانی ئاشتیدا دەکات.

## پەیکەری توێژینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە بۆ سێ داخوازی سەرەکی دابەش کراوە: داخوازی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری و چەمکسازی (ناساندنی تیۆری فێمینیستی و چەمکسازیی بونیادنانی ئاشتی)؛ داخوازی دووەم بۆ شیکردنەوەی سەرکەوتن و شکستەکان و وانە وەرگیراوەکان بۆ گەشەپێدانی بەشداریکردنی ژنان؛ داخوازی سێیەم بۆ ناکۆکییەکانی جێبەجێکردنی تیۆری فێمینیستی لە واقیعدا، بەتایبەت جیاوازیی نێوان تیۆر و پراکتیک، ڕەخنەی فێمینیستەکانی پۆست-مۆدێرنیتە و کاریگەریی پێکهاتە کلتووری و سیاسی لەسەر جێبەجێکردن.

### داخوازی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری و چەمکسازی

تێگەیشتن لە چەمکەکان هەوێنی داڕشتنی زانیاری و پەرەپێدانی زانستە مرۆییەکانە؛ بۆیە پێش هەر شیکردنەوەیەک پێویستە ئەو دوو چەمکە بنەڕەتییەی کە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر دامەزراوە بناسێنرێن، واتە (تیۆری فێمەنیزم) وەک چوارچێوەی تیۆری و (بونیادنانی ئاشتی) وەک چوارچێوەی چەمکسازی. لەم داخوازەدا، لقی یەکەم بۆ ناساندنی تیۆری فێمەنیستی تەرخان دەکرێت و لقی دووەم بۆ ناساندنی چەمکی بونیادنانی ئاشتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

#### لقی یەکەم: ناساندنی تیۆری فێمەنیزم

فێمەنیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سەری هەڵدا، هەربۆیە هەندێک جار بە (ڕێبازی جێندەری) ناودەبرێت. ئەم تیۆرییە چوارچێوەیەکی فیکریی قووڵە بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر واقیعی جێندەری و هەڵوەشاندنەوەی هەژموونی پیاوسالاری. لە ڕوانگەیەکی قووڵەوە پرسیار لە ناسنامە و پێکهاتەی سیاسەتی جیهانی دەکات و ڕەخنە لە تیۆرەکانی ڕیالیزم و لیبرالیزم دەگرێت کە ژنان و ڕەگەز لە شیکارییەکانیاندا ون دەکەن.(١)

##### یەکەم: چەمک و پێناسەی فێمەنیزم

وشەی (Feminism) لە ڕەگی وشەی لاتینیی (Femina) بە واتای ژن وەرگیراوە و لە ڕێگەی فەرەنسییەوە (Féminisme) چووەتە ناو ئینگلیزییەوە. لە زمانی کوردیدا هەندێک جار بە (مێگەرایی) یان (ئافرەتگەرایی) وەردەگێڕدرێت، بەڵام ئەمە هەڵەیەکی زانستییە، چونکە ئەم دوو زاراوەیە بە واتای زاڵکردنی ژن بەسەر پیاودا دێن، لە کاتێکدا زۆربەی فێمەنیستەکان دژی ئەوەن کە ڕەگەزێک زاڵ بکرێت بەسەر ڕەگەزی تردا؛ بۆیە باشترە چەمکی (فێمەنیزم) وەکوو خۆی بەکاربهێنرێت.(٢)
زاراوەی فێمەنیزم بۆ یەکەم جار لەلایەن (ئەلیکساندەر دۆما) لە ساڵی (١٨٧٢)دا بەکارهات، پاشان لەلایەن نووسەری فەرەنسی (هیبێرتین ئۆکلێرت) لە ساڵی (١٨٨٢)دا. لە ڕووی پێناسەوە، فەرهەنگەکان (وەک **کامبریج** و **مێریام-وێبستەر**) جەخت لەسەر باوەڕبوون بە یەکسانیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوان ڕەگەزەکان دەکەنەوە. ڕێکخراوەکانیش وەک (**یونسکۆ و پەیمانگای ئەورووپی بۆ**

---

(1)Feminist Perspectives on Achieving Global Security (New York: :J. Ann Tickner, Gender in International Relations Columbia University Press, ١٩٩٢), ٢٥–٣٨.

(٢)پێناسی فێمینیزم، چەمکی فێمینیزم: زیاتر لە پێناسەیەک، سایتی ئاستانە، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠٢٤/٥/١٤.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

**یەکسانیی ڕەگەزی)** فێمەنیزم وەک هەڵوێستێکی سیاسی بۆ گۆڕینی پێگەی ژنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمانە پێناسە دەکەن کە جیاکاری بەرهەم دەهێنن.[٣]

لە لای لێکۆڵەرانیشەوە، **سیمۆن دی بۆڤوار** بە وتە بەناوبانگەکەی "ژن بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێتە ژن" جەخت لەوە دەکاتەوە کە جێندەر ئەنجامی بونیادنانێکی کۆمەڵایەتییە نەک تەنها مەسەلەیەکی بایۆلۆژی. **کارین ئۆفەن** فێمەنیزم وەک دژایەتی ژێردەستەکردنی ژنان دەناسێنێت و **بێل هووکس** بەڕوونی دەڵێت فێمەنیزم "بزووتنەوەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە ڕەگەزپەرستی و چەوسانەوەی ڕەگەزی"، نەک دژایەتیکردنی پیاوان. بەم پێیە، فێمەنیزم تیۆرێکی فیکری و سیاسیی ڕەخنەییە کە ئامانجی نەهێشتنی جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەزە، نەک زاڵکردنی ژنان بەسەر پیاواندا.[٤]

سەرجەم ئەم پێناسانەی کراون هەریەکەو لە گۆشەنیگاو چوارچێوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا پێشکەشکراون، وە بەهۆی ئەوەی فێمەنیزم بەپێی سەردەمەکان توانیویەتی خۆی بگۆڕێت بۆیە دەکرێت هەر یەك لەم پێناسانەو ئەوانەی تریش کە بوار نەبوە لەم نوسینەدا بیانخەینیە ڕوو نوێنەرایەتی دیدێك دەکات لەچوارچێوەی کاتێکی دیاریکراو، وە لە ئەنجامی خستنە ڕووی ئەم پێناسانەوە ئەگەر بمانەوێت لای خۆمانەوە پێناسەیەك پێشەکەش بکەین ئەڵێن فێمەنیزم بریتییە لە (تیۆرێکی فکری و سیاسیی ڕەخنەیی، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە پیاوسالاری و ڕەگەزپەرستانەیە کە مرۆڤەکان (نێر و مێ) لەسەر بنەمای بایۆلۆژی پلەبەندی دەکات. ئەم بزووتنەوەیە هەوڵ دەدات ژن لە بازنەی ئەرکە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان ڕزگار بکات و بوار بۆ ئەزموونکردنی ئازادی برەخسێنێت، بە جۆرێک کە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان لەبری ژێردەستەیی و باڵادەستی، لەسەر بنەمای دادپەروەری، یەکسانیی یاسایی و دانپێدانانی دوولایەنە بە شکۆ و مرۆڤبوونی یەکتردا دابڕێژرێتەوە" هەرچەندە پێناسەکەمان بۆ چەمکەکە تا ڕاددەیەك درێژ دەردەکەوێت بەڵام هەوڵمانداوە کۆکەرەوەی زۆرینەی ئەو تێڕوانینانە بێت کە بۆ فێمەنیزم پێشکەشکراون و بەڕونی ئەوەمان جەخت کردۆتەوە کە مەبەست لە فێمەنیزم هەوڵێك نیە بۆ سەپاندنی یا زاڵکردنی ژنان بەسەر پیاواندا ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە نەهێشتنی جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەزیی. دیارە بەهۆی ئەوەی کە ژنان ڕووبەڕوی جیاکاری زۆر بونەتەوە هەر هەوڵێك بۆ نەهێشتنی ئەم جیاکاریە وەکو لایەنداری بۆ ژنان دەرئەکەوێت بەڵام لە هیچ بارێکدا ئەم لایەنداریە لە دیدی ئێمەوە نابێت سەربکێشێت بۆ دژایەتی پیاوان.

**دووەم: شەپۆل و ڕەوتەکانی فێمەنیزم**

بزووتنەوەی فێمەنیزم بە **سێ** شەپۆلی مێژوویی گرنگ تێپەڕیوە: **شەپۆلی یەکەم** (لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم) سەرنجی خستبووە سەر بەدەستهێنانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بەتایبەت مافی دەنگدان؛ **شەپۆلی دووەم** (لە دەیەکانی شەست و حەفتاکان) داواکارییەکانی فراوانتر کرد بۆ یەکسانیی شوێنی کار، ئازادی جەستەیی و زیادکردنی نوێنەرایەتیی سیاسی، لەژێر دروشمی (بابەتی شەخسی، بابەتێکی سیاسییە)؛ **شەپۆلی سێیەم** (لە هەشتاکانەوە) هاوتەریب لەگەڵ پۆست مۆدێرنیزم، جەختی لەسەر ناسنامە، فرەچەشنی کەلتووری و ڕەخنەگرتن لە (فێمەنیزمی سپیپێست) کردەوە.[٥]

لە ئەنجامی فراوانبوونی کات و جوگرافیادا، چەندین ڕەوتی فیکریی فێمەنیستی سەریان هەڵدا: فێمەنیزمی لیبراڵی کە جەخت لەسەر تاکگەرایی و چاکسازیی یاسایی قۆناغ بە قۆناغ دەکات؛ فێمەنیزمی مارکسی و سۆشیالیستی کە چەوسانەوەی ژنان بۆ سیستەمی چینایەتی و سەرمایەداری دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەرمایەداری و پیاوسالاری پێکەوە پێویستە؛ فێمەنیزمی بوونگەرایی کە لەسەر دەستی سیمۆن دی بۆڤوار سەری هەڵدا و جەخت لە ئازادی هەڵبژاردن دەکات؛ فێمەنیزمی ڕادیکاڵ کە پیاوسالاری بە قووڵترین بنەمای ستەم دەبینێت و داوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی دەکات؛ فێمەنیزمی ئیسلامی کە لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ئیجتیهادیی دەقە شەرعییەکانەوە بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکات لەسەر بنەمای مەبەستەکانی شەریعەت و دادپەروەری.[٦]

**سێیەم: ڕەخنەی فێمەنیزم لە سیاسەت وەک بوارێکی پیاوسالار**

تیۆری فێمەنیزم ڕەخنەیەکی بنەڕەتی و سیستماتیک لەو پێکهاتە سیاسیانە دەگرێت کە دەسەڵات و هەژموونی پیاوان چەسپاو دەکەن. ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەواوی سیستەمی سیاسی جیهانی لەسەر بنەمای پێوەرە نێرینەییەکان و ئەزموونی پیاوان بونیاد نراوە، بەو پێیەی چەمکە سەرەکییەکانی وەک سەروەری، دەسەڵات و ئاسایش سیفەتی نێرینەیان پێوەیە. (سینثیا ئینلۆ Cynthia

---

(3)Webster Dictionary, “Feminism”; UNESCO, Gender Equality: -MerriamCambridge Dictionary, “Feminism”; European Institute for Gender Equality (EIGE), هەروەها ؛٩ ,(٢٠١٣Heritage and Creativity (Paris: UNESCO, Thesaurus: “Feminism.”

(4)Karen Offen, ;٣٠١ ,(١٩٧٣ew York: Vintage, Simone de Beauvoir, The Second Sex, trans. E. M. Parshley (N bell hooks, Feminism Is for ;١٥١ :(١٩٨٨) ١no. ,١٤ sngiS ”,hcaorppA lacirotsiH evitarapmoC A :msinimeF gninifeD“ .vii ,(٢٠١٥nd ed. (New York: Routledge, ٢Everybody,

(٥)سارة جامبل، النسوية وما بعد النسوية، ترجمة أحمد الشامي (القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٢)، ٧٨؛ هەروەها د. ليندا جين شيفرد، أنثوية العلم، ترجمة يمنى طريف الخولي (الكويت: مطابع السياسة، ٢٠٠٤)، ١٤ـ١٥.

(٦)ميه الرحبي، النسوية: مفاهيم وقضايا (دمشق: الرحبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤)، ٢٥، ٥٨؛ هەروەها Valerie Bryson, Feminist Political Theory: An Introduction, ٢nd ed. (Basingstoke: Palgrave Macmillan, ٢٠٠٣), ١٢٨ـ١٣١; آمنة ودود، القرآن والمرأة (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٦)، ٢٥ـ٣٢.

Enloe) پێی وایە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی جیهانی دەبێت بپرسین (ژنەکان لەکوێن؟)، چونکە سیاسەتی نێودەوڵەتی تەنها لە هۆڵە فەرمییەکاندا دروست نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی کار و ژیانی ڕۆژانەی ژنانیشەوە بونیاد دەنرێت کە زۆرجار «نەبینراو» سەیر دەکرێن.[٧]

لەم ڕوانگەیەوە، فێمەنیزمی سیاسی ڕەخنە لە دابەشبوونی ناهاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان هەردوو ڕەگەز دەگرێت و پێی وایە پەراوێزخستنی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان دەبێتە هۆی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ناتەواو کە تێیدا مافی ژنان و زیانەکانیان لە کاتی جەنگدا فەرامۆش دەکرێن. هەربۆیە، فێمەنیستەکان جیاوازیی نێوان ڕەگەز (Sex) و جێندەر (Gender) دەکەنە بنەمای پرۆژەکەیان و (شیکاری جێندەری) بەکاردەهێنن بۆ ئاشکراکردنی ئەو لایەنگیرییەی لە چەمکە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا حەشار دراوە.[٨]

بەپێی ئەم شیکارییە، تایبەتمەندییە نێرینەییەکانی وەک ڕکابەری، عەقڵانییەتی پاراو لە هەست و سۆز و حەزکردن بە خاوەندارێتیی دەسەڵات، بوونەتە پێوەری بونیادنانی چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە کاتێکدا ئەزموون و شێوازی بیرکردنەوەی ژنان – کە زیاتر گرنگی بە هاوکاری و چارەسەری ئاشتیانە دەدەن – فەرامۆش کراون. بۆیە فێمەنیستەکان داوای فراوانکردنی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن تا دیدگا و ئەزموونی هەردوو ڕەگەز بگرێتەخۆ و گشتگیر بێت. تەنانەت چەمکی (ئەکتەری نێودەوڵەتی) و چەقێتیی دەوڵەتیش بەر ئەم ڕەخنەیە دەکەوێت، چونکە دەوڵەت و هاوڵاتیبوون – بەهۆی ئەوەی لەژێر هەژمونی پیاواندا بوون – سیفەتی نێرینەیان پێوەیە.

**چوارەم: بڕیاری (١٣٢٥) ی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەجێندای ژنان، ئاشتی و ئاسایش**

لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە سیستماتیکانەی فێمەنیزم ئاراستەی پەراوێزخستنی ژنانی کرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بەبێ گۆڕانکاریی یاسایی و سیاسی ناتوانرێت ئاشتییەکی بەردەوام بەدیبهێنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، بڕیاری ژمارە (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە ٣١/١٠/٢٠٠٠دەرچووە، وەک خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی هەژمار دەکرێت؛ چونکە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمی بوو کە بەڕاشکاوی دانی بەوەدا نا کە ژنان تەنها (قوربانی) ململانێ نین، بەڵکو (ئاکتەری سەرەکین) لە ڕێگریکردن لە شەڕ و بونیادنانی ئاشتیدا.[٩]

کارکردن بەم بڕیارە لە چوارچێوەی چوار بنەمای سەرەکیدا ڕێکخراوە کە ئەمڕۆ بە ئەجێندای (ژن، ئاشتی و ئاسایش)دەناسرێت ئەوانیش:

١. بەشدارییپێکردن، کە پرۆسەی ئاشتی لە قۆرخکاریی نوخبە سیاسی و سەربازییەکان دەردەهێنێت.
٢. پاراستن، کە تیشک دەخاتە سەر پاراستنی ژنان و کچان لە توندوتیژیی سێکسی و کۆچی زۆرەملێ.
٣. ڕێگریکردن، کە ژنان وەک «هاوبەش» لە ڕێگریکردن لە قەیرانەکاندا دەبینێت.
٤. فریاگوزاری و چاکبوونەوە، کە گەرەنتیی ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی ژنان دەکات لە کاتی ململانێ و دواییدا.

**لقی دووەم: چەمکی بونیادنانی ئاشتی**

بونیادنانی ئاشتی (Peacebuilding) لە بنەڕەتدا چەمکێکی فراوانە کە تێیدا ئاشتی تەنها بە کۆتاییهاتنی جەنگ پێناسە ناکرێت. (یۆهان گالتونگ - Johan Galtung)[١٠]، کە بە (باوکی توێژینەوەی ئاشتی) ناسراوە، جیاوازیی دەکات لە نێوان ئاشتیی نەرێنی (تەنها نەبوونی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ) و ئاشتیی ئەرێنی (نەبوونی توندوتیژیی بونیادی و چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی). بەم پێیە، بونیادنانی ئاشتی پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە ئامانجی چارەسەرکردنی ڕەگ و ڕیشەی ململانێکانە، نەک تەنها ڕێکخستنی ئەنجامەکانیان.[١١]

بوتروس بوتروس غالی سکرتێری پێشووتری UN، لە ڕاپۆرتی ئەجێندایەک بۆ ئاشتی (١٩٩٢)، یەکەم پێناسەی فەرمیی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ ئەم چەمکە خستەڕوو، کە دواتر فراوانتر کرا بۆ ئەوەی بەهێزکردنی توانای نیشتمانی و گەشەپێدانی بەردەوام بگرێتەوە. جۆن پۆل لیدراخ ئاشتی وەک (پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی درێژخایەن) دەبینێت نەک تەنها ڕێککەوتنێکی سیاسی و جەخت لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکاتەوە. (لۆک ریچلر-Luc E. H. G. Reychler)[١٢]ش چەمکی(تەلارسازیی ئاشتی-Peace Architecture)

---

[7]st Sense of International Politics, by Rasha Naguib, review of Bananas, Beaches, and Bases: Making Femini .٢ ,(٢٠١٥)Cynthia Enloe

[8]rd ed. (New York: ٣Jacqui True, “Feminism,” in Theories of International Relations, ed. Scott Burchill et al., .٢٢٥–٢٢٤ ,(٢٠٠٥Palgrave Macmillan,

[9] ٣١) ١٣٢٥on Women, Peace and Security, S/RES/ (٢٠٠٠) ١٣٢٥Resolution ,United Nations Security Council .(٢٠٠٠October

(١٠) یۆهان ڤینسێنت گالتونگ (Johan Vincent Galtung, 1930–2024) کۆمەڵناس و توێژەری نەرویجی بوو، کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکیی بواری توێژینەوەی ئاشتی و ململانێ دادەنرێت. ئەو لە ساڵی ١٩٥٩دا دامەزراوەی توێژینەوەی ئاشتیی ئۆسلۆ ( Peace Research Institute Oslo – PRIO) ی دامەزراند و لە ساڵی ١٩٦٤دا گۆڤاری Journal of Peace Researchی دامەزراند. گرنگترین بەشداریی تیۆریی ئەو بریتییە لە جیاکردنەوەی نێوان ئاشتیی نەرێنی و ئاشتیی ئەرێنی و هەروەها چەمکی توندوتیژیی بونیادی. بڕوانە ئەم وێب سایتە سەبارەت بە ژیان و بەشداری ئەو لە توێژینەوەکانی ئاشتی (https://www.prio.org/people/5704?utm_source) ڕۆژی سەردان (٢٢/ ٣/ ٢٠٢٦).

[11].١٨٣ :(١٩٦٩) ٣no. ,٦Johan Galtung, “Violence, Peace, and Peace Research,” Journal of Peace Research

(١٢) لۆک ریچلر (Luc E. H. G. Reychler, b. 1944) توێژەری بەلجیکیی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و توێژینەوەی ئاشتییە. ئەو پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لۆڤەن (KU Leuven) بووە و بە یەکێک لە توێژەرە گرنگەکانی بواری بونیادنانی ئاشتیی بەردەوام

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq****Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

دارشتووە و پێی وایە ئاشتی بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریی گشتگیر سەرناگرێت.(١٣) هەروەها پێویستە بونیادنانی ئاشتی لە چەمکە نزیکەکانی وەک «پاراستنی ئاشتی» (gnipeekecaeP) و «دروستکردنی ئاشتی» (gnikamecaeP) جیا بکرێتەوە؛ چونکە پاراستنی ئاشتی زیاتر ڕەهەندێکی ئەمنی و سەربازیی هەیە، لە کاتێکدا بونیادنانی ئاشتی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دامەزراوەیی فراوانتری لەخۆ دەگرێت کە ئامانجی ڕێگریکردنە لە دووبارەبوونەوەی ململانێ لە ڕێگەی چاکسازیی دامەزراوەکان و چەسپاندنی دادپەروەریی ڕاگوزەرەوە.(١٤)

لە ڕوانگەی تیۆری فێمەنیزمەوە، بونیادنانی ئاشتی پەیوەندیدارە بە ناسینەوەی ڕۆڵی ژنان وەک لایەنی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا. فێمەنیستەکان پێیان وایە ئاشتی ڕاستەقینە بەبێ بەشداریی تەواوی ژنان لە بڕیاردان بەدەست نایەت و جەخت لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی نابەرامبەریی ڕەگەزی وەک بنەمایەک بۆ دامەزراندنی ئاشتیی بەردەوام دەکەنەوە. ئەمەش وادەکات کە چەمکی ئاشتی لە (ڕاگرتنی شەڕ)ەوە بگوازرێتەوە بۆ (بونیادنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری).

لە سەردەمی ئێستادا، چەندین گۆڕانکاریی گرنگ بوونەتە مایەی پێداچوونەوە لە شێوازەکانی بونیادنانی ئاشتی، لەوانە زۆربوونی ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مەدەنییەکان. لیژنەی بونیادنانی ئاشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان (٢٠٠٥) و سندووقی بونیادنانی ئاشتی، لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بوونەتە کارەکتەری کارا لەم بوارەدا. ئەم گۆڕانکارییانە وایان کردووە خۆڵادان لە پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی شتێکی مەحاڵ بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستیان بە نوێکردنەوەی شێواز و ستراتیژییەکان هەیە تا لەگەڵ ئاڵۆزی و پێداویستییە نوێیەکانی سەردەمدا بگونجێن.

پەیوەندیی نێوان تیۆری فێمەنیزم و بونیادنانی ئاشتی لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە هەردووکیان ڕەخنە لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکانی ئاسایش و ئاشتی دەگرن. فێمەنیزم ئاشتی تەنها وەک نەبوونی شەڕ یان ڕاگرتنی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ نابینێت، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەیبینێت کە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی نایەکسانی، پەراوێزخستن و توندوتیژیی بونیادی هەیە. بەم مانایە، ڕوانگەی فێمەنیستی چەمکی بونیادنانی ئاشتی فراوان دەکات، چونکە پرسیار دەکات لەوەی کێ لە دانوستان و بڕیارداندا ئامادەیە، ئەزموونی کێ لە دەقی ڕێککەوتنەکاندا دەبینرێت و دادپەروەری بۆ کام توێژ بەدی دێت. لەم سۆنگەیەوە، بەشداریی ژنان تەنها زیادکردنی ژمارەیەک نوێنەر نییە، بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی بونیادنانی ئاشتی لە ئاستی ڕێککەوتنی سیاسیی فەرمی تێپەڕێت و ببێتە پرۆسەیەکی دادپەروەرانە، گشتگیر و بەردەوام.(١٥)

**داخوازی دووەم: شیکردنەوەی سەرکەوتن و شکستەکان**

پاش خستنەڕووی بنەما تیۆرییەکان، ئێستا پێویستە بچینە ناو قۆناغی هەڵسەنگاندنەوە؛ واتە شیکردنەوەی ئەوەی کە ئایا بەشداریی ژنان تەنها لە ئامادەییەکی سیمبۆلیکدا قەتیس ماوە، یان توانیویەتی شوێنەوارێکی بەرچاو لە ڕێڕەوەکانی دانوستان و بونیادنانەوەی کۆمەڵگادا بەجێبهێڵێت. گرنگیەکە لە ڕادەی توانای ژناندایە بۆ کاریگەریکردنە سەر ناوەڕۆکی بڕیارەکان، نەک تەنها هەبوونی ناویان لە شاندەکاندا. لەم داخوازەدا، سەرکەوتنەکان، شکستەکان و وانە وەرگیراوەکان شیکار دەکرێن.

**لقی یەکەم: سەرکەوتنەکان – باشترکردنی ڕێککەوتنەکان و زیادکردنی دادپەروەری**

سەرکەوتنەکانی بەشداریی ژنان نابێت تەنها بە پێوەری ژمارەی ژنانی بەشدار هەڵبسەنگێندرێن؛ ڕاستە ژمارە گرنگە، بەڵام سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە ئەم بوونە بتوانێت ناوەڕۆکی پرۆسەی ئاشتی بگۆڕێت، واتە لە ئاستی ئامادەبوونی ڕەمزییەوە بەرز ببێتەوە بۆ ئاستی کاریگەری لە دیاریکردنی ئەجێندای دانوستان و دارشتنی ڕێککەوتنەکان.(١٦)

**یەکەم:** سەرکەوتن لە گۆڕینی خودی چەمکی ئاشتیدا دەردەکەوێت. بەشداریی ژنان ئاشتی لە سنووری (بێدەنگبوونی چەک) دەردەهێنێت و وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەبینێت. بەمەش، ئەجێندای

---

دادەنرێت. ڕایشلەر پێشتر بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی ئاشتی و توێژینەوە ستراتیژییەکان ( Centre for Peace Research and Strategic Studies – CPRS) بووە و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤–٢٠٠٨دا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی توێژینەوەی ئاشتی ( International Peace Research Association – IPRA) بووە.

بڕوانە ئەم وێب سایتە سەبارەت بە ژیان و بەشداری ئەو لە توێژینەوەکانی ئاشتی (https://link.springer.com/book/10.1007/978-3-030-40208-2?utm_source ) ڕۆژی سەردان (٢٢/ ٣/ ٢٠٢٦).

(13) John Paul ;٢١para. ,(١٩٩٢June ١٧) ٢٤١١١S/–٢٧٧/٤٧Ghali, An Agenda for Peace, U.N. Doc. A/-Boutros Boutros liation in Divided Societies (Washington, DC: United States Institute Lederach, Building Peace: Sustainable Reconci Luc Reychler, “From Conflict to Peacebuilding,” in Peacebuilding: A Field Guide, ed. ;٩٤ ,٢٠ ,(١٩٩٧of Peace Press, .١٦–٣ ,(٢٠٠١Luc Reychler and Thania Paffenholz (Boulder, CO: Lynne Rienner,

(١٤) فؤاد حسين أحمد شرهان، "تطور مفهوم بناء السلام في العلاقات الدولية،" مجلة المؤتمرات والندوات العلمية، جامعة الملكة أروى، مج ١، ع ٨ (٢٠١٩): ١٢.

15 . Ann Tickner, Gender in International Relations: Feminist Perspectives on Achieving Global Security, New York, Columbia University Press, 1992, pp. 25–38.

(16) Not Just Counting Women: Assessing Women's Inclusion and —Thania Paffenholz et al., Making Women Count .٨–٤ ,(٢٠١٦ ,Influence on Peace Negotiations (Geneva: Inclusive Peace and Transition Initiative and UN Women

دانوستان فراوان دەبێت بۆ ئەوەی پرسە پەراوێزخراوەکانی وەک توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر، مافی قوربانییان، چارەنووسی ئاوارەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە، کە ئەمە لۆژیکی پرۆسەی ئاشتی لە سەودایەکی سیاسی نێوان دەستەبژێرەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر.[١٧] ئەزموونی کۆلۆمبیایە لە ڕێککەوتنی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٦ لە نێوان حکومەتی کۆلۆمبیا و هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا . سوپای گەل Fuerzas Armadas Revolucionarias de Colombia – (FARC-EP- Ejército del Pueblo). لەم پرۆسەیەدا، ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان کاریان کرد بۆ ئەوەی ئاشتی تەنها بە کۆتاییهێنان بە شەڕ و دانانی چەک کورت نەکرێتەوە، بەڵکو پرسەکانی قوربانییان، توندوتیژیی سێکسی، مافی ژنان و بەشدارییان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنیش بخاتە ناو دەقی ئاشتییەوە. UN Women ئەم ئەزموونە وەک یەکێک لە نموونە گرنگەکانی ڕۆڵی ژنان لە فراوانکردنی ئەجێندای ئاشتی دەخاتە ڕوو، و دەقی ڕێککەوتنەکەش لە هەندێک بەشدا بەشداریی ژنان لە پلانکردن، جێبەجێکردن و چاودێریکردن بە ڕوونی دەناسێت.[١٨]

**دووەم:** سەرکەوتنی باشترکردنی کوالێتی و شەرعییەتی کۆمەڵایەتیی ڕێککەوتنەکانە. کاتێک ڕێککەوتنێک ڕوانگەی جێندەری و پێداویستییەکانی توێژە زیانلێکەوتووەکان لەخۆ دەگرێت، پەیوەندییەکی توندتر لە نێوان دەقی ڕێککەوتنەکەو واقیعی کۆمەڵگادا دروست دەبێت. دیارترین نموونە لەم ڕووەشەوە، ڕێککەوتننامەی ئاشتیی کۆلۆمبیایە لە ساڵی(٢٠١٦)، کە بە گشتگیرترین و جێندەری ترین ڕێککەوتننامەی هاوچەرخ دادەنرێت، تێیدا ژنان نزیکەی (٢٠٪)ی شاندی حکوومەت و (٤٣٪)ی شاندی (فارک - FARC)یان پێکدەهێنا، و زیاتر لە (١٠٠) خاڵ کە پەیوەست بوون بە مافەکانی ژنان جێگیر کران، لەوانەش ناساندنی توندوتیژیی سێکسی وەک تاوانێکی جەنگی.[١٩]

**سێیەم:** بەهێزکردنی بنەمای یاسایی و نێودەوڵەتییە. بەشداریی ژنان پشتگیریی نۆرمی و یاسایی نێودەوڵەتی هەیە، چ لە ڕێگەی بڕیاری (١٣٢٥) کە پەیوەندی نێوان ئاسایش و جێندەر دروست دەکات، چ لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنان (CEDAW)، بەتایبەتی ماددەکانی ٧ و ٨ کە مافی ژنان بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی و نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەناسن. بەمەش، پەراوێزخستنی ژنان تەنها کێشەی کەمیی نوێنەرایەتی نییە، بەڵکو دابڕانێکە لە بنەماکانی یەکسانی.[٢٠]

**چوارەم:** بەهێزکردنی ئەگەری بەردەوامیی ڕێککەوتنەکانە. توێژینەوەکانی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداریی کارای ژنان دەتوانێت ئەگەری بەردەوامیی ڕێککەوتنی ئاشتی زیاد بکات، بەڵام پێویستە بەوریاییەوە بخوێندرێتەوە، چونکە مەبەست تەنها زیادکردنی ژمارە نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە کاتێک ژنان بە شێوەیەکی مانادار تێکەڵ دەکرێن، پرۆسەکە خاسیەتێکی گشتگیرتر و پابەندتر بە پێداویستییەکانی خەڵک وەردەگرێت.[٢١] شیکردنەوەی ئاماریی لەسەر (١٨٢) ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان (١٩٨٩–٢٠١١) دەڵێت کاتێک ژنان وەک دانوستانکار، ناوبژیوان، شایەتحاڵ یان واژۆکار بەشدار دەبن، ئەگەری ئەوەی ڕێککەوتنەکە لانیکەم دوو ساڵ بەردەوام بێت بە ٢٠٪ زیاد دەبێت، و ئەگەری بەردەوامبوونی بۆ ١٥ ساڵ بە ٣٥٪ زیاد دەبێت.[٢٢]

**پێنجەم:** هێنانەناوەوەی ڕەهەندی دادپەروەریی جێندەرییە، کە ماناکەی ئەوەیە هەموو پێکهاتەی ئاشتی لە ڕوانگەی کاریگەریی جیاوازی ململانێ لەسەر ژنان و پیاوان بخوێندرێتەوە؛ چونکە جەنگ بەرەنجامی یەکسانی نییە بۆ هەمووان.

**شەشەم:** دروستکردنی پردە لە نێوان ئاشتیی فەرمی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا، نوخبە سیاسییەکان ڕێککەوتن واژۆ دەکەن، بەڵام ژنانی چالاک لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕێککەوتنە فەرمییەکە وەردەگێڕن بۆ کردار و کلتوری کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی گفتوگۆی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی ڕق و تۆڵەوە.[٢٣] ئەزموونی یەمەن نموونەیەکی ڕوونی فراوانکردنی ناوەڕۆکی پرۆسەی ئاشتییە لە دەرەوەی چوارچێوەی تەسکی ئەمنی. سەرەڕای پەراوێزخستنی نزیک لە تەواوەتیی ژنان لە خولەکانی دانوستانی فەرمی لە (٢٠١٥)ەوە، ژنانی یەمەن ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ناوبژیوانیی ناوخۆیی، کردنەوەی ڕێڕەوە مرۆییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر سەرچاوەکان. لە کۆنگرەی گفتوگۆی نیشتمانیدا، ژنان توانیان مافی نوێنەرایەتی و ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریی منداڵان بخەنە ناو ڕاسپاردەکانەوە؛ بەڵام دواتر هیچ

[17] Johan Galtung, “Violence, Peace, and Peace Research,” Journal of Peace Research ٦, no. ٣ (١٩٦٩): ١٨٣.

[١٨] د. فرجينيا م. بوفير، النوع الاجتماعي ودور المرأة في عملية السلام في كولومبيا، هيئه الأمم المتحده، مشور على الرابگ التالى : (https://2u.pw/cZ2ZDP) الزياره تمت فى (٢٢/ ٣/ ٢٠٢٦).

[19] Virginia M. Bouvier, Gender and the Role of Women in Colombia's Peace Process (New York: UN Women, ٢٠١٦); Council on Foreign Relations, Women's Participation in Peace Processes: Colombia (New York: CFR, ٢٠١٧); UN Women, The Peace Deal That Put Women First: What Colombia Taught the World (New York: UN Women, ٢٠٢٥).

[20] Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women (CEDAW), arts. ٧–٨ (١٩٧٩).

[21] Council on Foreign Relations, Women's Participation in Peace Processes (New York, ٢٠١٩), ٣–٧, ١٢–١٥.

[٢٢] راديكا كوماراسوامي، منع النزاع وتحويل العدالة وضمان السلام، دراسة عالمية حول تنفيذ قرار مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة رقم ١٣٢٥، هيئه الأمم المتحده، منشور على الربط التالي (https://2u.pw/xQTH46) الزياره تمت فى (٢٣/ ٣/ ٢٠٢٦).

[23] Thania Paffenholz, Civil Society and Peacebuilding: A Critical Assessment (Boulder, CO: Lynne Rienner, ٢٠١٠), ٦٥–٧٨.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

ژنێک ڕێگەی پێنەدرا ببێتە ئەندامی لیژنەکانی جێبەجێکردن، ئەمەش زۆرێک لەو دەرەنجامانەی لە ناوەڕۆکەکەیان بەتاڵ کردەوە و ڕەنگدانەوەی جیاوازی نێوان ئاشتییەکی بە لۆژیکی ئەمنی داڕێژراو و ئاشتییەکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن بوو.(٢٤)

**حەوتەم:** بەردەوامیی بەشداریکردنە لە هەرسێ قۆناغی پرۆسەی ئاشتیدا (پێش دانوستان، لە کاتی دانوستان و دوای ڕێککەوتن)، چونکە زۆرجار ژنان لە قۆناغی دانوستاندا ڕۆڵیان دەبێت، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردن و دابەشکردنی پۆستەکاندا دوور دەخرێنەوە، کە ئەمە دەستکەوتەکانیان لاواز دەکات. نموونەیەکی ڕوون بۆ ئەم خاڵە ئەزموونی ئیرلەندای باکوورە. هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور (Northern Ireland Women's Coalition – NIWC) توانی لە قۆناغی دانوستانی ڕێککەوتنی هەینی مەزن/بێلفاستدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت و پرسەکانی وەک مافی قوربانیان، پەروەردەی تێکەڵ، نیشتەجێبوونی تێکەڵ و بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی بخاتە ناو ئەجێندای ڕێککەوتنەکەوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە قۆناغی جێبەجێکردندا بە هەمان هێز بەردەوام نەبوو؛ چونکە ژنان لە دامەزراوە سیاسییەکانی دوای ڕێککەوتندا بە ڕێژەیەکی کەمتر بەشدار بوون و خودی هاوپەیمانییەکە دواتر کورسییەکانی لەدەستدا و هەڵوەشایەوە. ئەمە دەری دەخات کە بەشداریی ژنان ئەگەر لە قۆناغی دانوستاندا سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە قۆناغی جێبەجێکردن، چاودێری و دابەشکردنی دەسەڵاتدا بەردەوام نەبێت، دەستکەوتەکانی قۆناغی دانوستان بە ئاسانی لاواز دەبن.

**هەشتەم:** سەرکەوتن لە بواری ئاشتی پارێزی و ئەرکە مەیدانییەکاندا دەردەکەوێت، بوونی ژنان لە نێردە ئاشتیپارێزەکاندا یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ژنان و توێژە زیانلێکەوتووەکان و بەدەستهێنانی زانیاریی وردتر لەسەر دۆخی کۆمەڵگا، کە زۆرجار لە ڕێگەی تیمە پیاوانەکانەوە ئاشکرا نابن. نموونەیەکی ڕوون بۆ ئەم سەرکەوتنە، ئەزموونی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لیبریا ( United Nations Mission in Liberia - UNMIL) ە، کە تێیدا یەکەی پۆلیسی هەموو-ژنی هیندی ڕۆڵێکی مەیدانی گرنگی گێڕا. بوونی ئەم ژنانە لە کاری پۆلیسی و ئاشتیپارێزیدا تەنها زیادکردنی ژمارەی ژنان نەبوو، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر متمانەی کۆمەڵگا هەبوو؛ چونکە ژنان و کچانی ناوخۆیی بە ئاسانیتر پەیوەندییان بە ژنانی ئاشتیپارێزەوە دەکرد و کێشە و نیگەرانییەکانیان دەخستە ڕوو. ئەم بوونە هەروەها وەک نموونەیەکی هاندەر بۆ ژنان و کچانی لیبریا دەرکەوت، بە شێوەیەک کە بەشداریی ژنان لە کەرتی ئاسایشدا بەرز بووەوە. بەم پێیە، بەشداریی ژنان لە ئاشتیپارێزیدا تەنها پرسی یەکسانیی جێندەری نییە، بەڵکو پێویستییەکی مەیدانییە بۆ بەهێزکردنی متمانە، کۆکردنەوەی زانیاریی وردتر و گەیشتن بە ئەو توێژانەی کە زۆرجار لە ڕێگەی تیمە پیاوانەکانەوە دەنگیان نابیسترێت.(٢٥)

بەگشتی، ئەزموونە نێودەوڵەتیەکان، بەڕوونی دەریدەخەن کە بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەکانی بونیادنانی ئاشتیدا، کاتێک کردەیی بێت نەک ڕووکەش، بەشدارە لە باشترکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکان و بەهێزکردنی توانای بەردەوامبوونیان. لەمەوە دەردەکەوێت کە هێنانەناوەوەی ڕەهەندی دادپەروەریی جێندەری پرسێکی لاوەکی نییە، بەڵکو توخمێکی بنەڕەتییە لە ئەندازیاریی ئاشتییەکی دادپەروەر و بەردەوامدا.

**لقی دووەم: شکستەکان – هەڵسوکەوتە نێرینەییەکان و لاوازی پشتگیریی دامەزراوەیی**

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە تیۆری و پێوەرییەی کە ئەجێندای (١٣٢٥) بەدەستی هێناوە، پرۆسەی پیادەکردنی کردەیی زنجیرەیەک شکستی بونیادیی قووڵی ئاشکرا کردووە. یەکەمین شکست لە بەردەوامیی هەیمەنەی بونیادە پیاوسالارییە کلاسیکییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە کە هێشتا کۆنترۆڵی ڕێڕەوەکانی دانوستان دەکەن. لە ڕوانگەی فیمەنیزمی ڕەخنەییەوە، کێشە جەوهەرییەکە تەنها لە غیابی ژمارەیی ژناندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە سروشتی ئەو مەرجە دامەزراوەییە توندانەدایە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بڕیاردان لە دەستی نوخبە تەقلیدییەکاندا دەهێڵنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەوەی پێی دەوترێت (ئاشتیی پیاوسالارانە) کە تێیدا ژنان تەنها وەک جوانکاری دەردەکەون.لەخوارەوە ئاماژە بە چەند نمونەیەک دەکەین لە هەرسێ ئەزمونی ژنانی کوردو ئیرلنداو رواندا:

**ئەزموونی کوردی نموونەیەکی ئاڵۆزە کە چەند خاڵێکی گرنگ لەسەر ئەم بابەتە ئاشکرا دەکات:**

**یەکەم: جیاکاریی لێکدراو (Intersectionality):** ژنی کورد تووشی چەوسانەوەیەکی فرەڕەهەند دەبێتەوە، وەک ژنێک لەناو سیستەمێکی پیاوسالاریداو وەک ئەندامێک لە گروپێکی نەتەوەیی چەوساوەدا، ئەمەش دەرئەنجامی یەکتربڕینی پیاوسالاری لەگەڵ نەتەوایەتی و دەوڵەتدایە.(٢٦)

**دووەم: لۆژیکی پێشینەی نەتەوەیی:** لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی کوردیدا، لۆژیکی (لەپێشتربوونی دۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانی) بەسەر هەر داواکارییەکی سەربەخۆی فێمەنیستیدا زاڵ بوو، بەجۆرێک پرسەکانی یەکسانیی جێندەری بۆ قۆناغی دوای ڕزگاریی نەتەوەیی دوا دەخران.

**سێیەم: کڕیاریی سیاسی (Clientelism) :** سەرەڕای جێگیرکردنی سیستەمی کۆتای ژنان بە ڕێژەی (٣٠٪) لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە چەسپێنراوە)(٢٧) ئەم نوێنەرایەتییە زۆرجار وەک ڕووکەش

---

(٢٤) أوكسفام، ارفع صوتك: دور المرأة في بناء السلام في اليمن (بدون مكان النشر، بدون تاريخ)، ٤، ٧–٨.

(25) United Nations. (2016) Hailed as "role models," all-female Indian police unit departs UN Mission in Liberia. Africa Renewal/UN News, 12 February.

(26) Women's Movement, in The Kurds: The Struggle for National Identity and Mandana Hendessi, The Kurdish Statehood (Agenda Publishing, ٢٠٢٤), ٦٧–٨٣.

ماوەتەوە، چونکە ژنان لەناو بازنەی دڵسۆزییە حیزبی و خێزانییەکاندا قەتیس کراون بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان پێ بدرێت[٢٨]. ئەم ڕووکەشییە لەو ڕاستییەوە دەردەکەوێت کە لە هەڵبژاردنی (٢٠١٨)دا، لە نێوان (٣٥) ژنی چووە پەرلەمان، تەنها (١٣)یان توانیویانە بەبێ پشتبەستن بە کۆتا کورسی بەدەست بهێنن، واتە زۆرینەیان پشتیان بە میکانیزمی کۆتا بەستووە[٢٩] .

هەروەها، خودی کۆتا کە بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی دەستێوەردانی پارتە جێگیرەکان لە دیاریکردنی کاندیدە ژنەکاندا، بەجۆرێک کە نوێنەرایەتییەکە بەهای زیاتری پێدەدرێت کاتێک بە دڵسۆزیی حیزبییەوە دەبەسترێتەوە نەک بە بنکەیەکی جەماوەریی سەربەخۆ[٣٠]. لە ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا ئەم سنووردارانە ڕوونتر دەردەکەوێت، ژنان لە پۆستە بڕیاردەرەکاندا کەمن (تەنها سێ وەزیری ژن لە بەرامبەر ١٨ وەزیری پیاواندا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا)[٣١]و لە دادوەریشدا زۆرتر لە دادگا کەم-دەسەڵاتەکان وەک دادگای منداڵاندا کار دەکەن[٣٢]، ئەمەش جیاوازیی نێوان ژمارەی نوێنەرایەتی و کوالێتیی دەسەڵات بەرجەستە دەکات. بۆیە، هەندێک شیکار جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرەڕای ئەم پێشکەوتنە ژمارەییە، گفتوگۆ و بڕیارە گەورەکان هێشتا لە دەستی پیاواندا ماونەتەوە.

ئەزموونی ئیرلەندای باکوور شێوەیەکی جیاواز لە شکست ئاشکرا دەکات، کە بریتییە لە کەلێنی نێوان ئامادەیی فێمەنیستی لە قۆناغی دانوستان و پاشەکشەی جێندەری لە قۆناغی جێبەجێکردندا. «هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور» دەریخست کە هێنانی ژنان بۆ سەر مێزی دانوستان مەرج نییە زامنی تێکەڵکردنی پرسەکانیان بێت لە بونیادی کۆتاییی ڕێککەوتنەکاندا؛ بەو پێیەی دوای ڕێککەوتنی بێلفاستی (١٩٩٨)، ئەولەویەتە کۆمەڵایەتی و جێندەرییەکان پاشەکشەیان کرد لە بەرژەوەندیی ڕێکخستنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات و ئاسایش.[٣٣]

ئەزموونی ڕواندا، لە قۆناغی دوای جینۆسایدی(١٩٩٤)، نموونەیەکی ئاڵۆزترە. هەرچەندە ژنان ڕۆڵێکی جەوهەرییان لە ئاشتەوایی نیشتمانی و بونیادنانەوەدا گێڕا، بەڵام ئەدەبیاتی ڕەخنەیی ئاماژە بەوە دەکات کە بەرزبوونەوەی نوێنەرایەتیی ژنان لە پەرلەماندا زۆرجار پەیوەست بووە بەوەی پێی دەوترێت (سیاسەتی ژمارەکان)، کە تیایدا گرنگی بە ڕێژە ڕووکەشییەکان دراوە زیاتر لەوەی گرنگی بە هەڵوەشاندنەوەی بونیادە پیاوسالارییەکان بدرێت. بەمەش، بەهێزکردنی سیاسی، ئەگەر گۆڕانکاریی کەلتووریی قووڵی لەگەڵدا نەبێت، ڕەنگە ببێتە ئامرازێک بۆ جوانکاریی سیستەمەکە (Window Dressing).[٣٤]

هەرسێ ئەزموونەکەی سەرەوە (کوردی، ڕۆژئاوایی و ئەفریقی) ئەوە دەردەخەن کە شکستی بەهێزکردنی ژنان ناگەڕێتەوە بۆ لاوازیی بەشداریکردنی ژنان بە تەنها، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو چوارچێوە سیاسی و دامەزراوەییەی کە بەشدارییەکەی تێدا بەڕێوەدەچێت. بۆیە تێپەڕاندنی ئەم شکستە پێویستی بەوەیە کە بەشداریکردنی ژنان ببەسترێتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی ڕیشەییی بونیادە پیاوسالارییەکان و کردنی دادپەروەریی جێندەری بە بەشێکی بونیادی، نەک تەنها وەک پاشکۆیەکی ئەخلاقی یان سیاسی.

**لقی سێیەم: وانە وەرگیراوەکان بۆ گەشەپێدانی بەشداریکردنی ژنان**

بەراوردکردنی نێوان سەرکەوتن و شکستەکان کۆمەڵێک وانەی مەنهەجی ئاشکرا دەکات، دەتوانین لەخوارەوە ئاماژە بەچەند وانەیەکی گرنگ بدەین لەوانەش:-

**یەکەم:** گۆڕینی پارادایمی نوێنەرایەتییە، لە (ژمارە)وە بۆ (کاریگەریی دامەزراوەیی). تەنها دانپێدانانی پێوەری بە ڕۆڵی ژنان بەس نییە، بەڵکو پێویستە خودی پێکهاتەکانی ئاشتی دیزاین بکرێنەوە بەجۆرێک کە زامنی تێکەڵکردنی کردەیی ژنان بکات لە پێگەکانی بڕیارداندا؛ چونکە

---

[٢٧] بڕوانە ماددەی (بیست و دووەم/ ١) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراو. وە هەروەها ماددەی (شەشەم / دووەم) لە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.

[٢٨]حميد عبدالله صالح، "معوقات تمكين المرأة في إقليم كوردستان العراق بمنظور الجغرافية السياسية،" مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، مج ٣١، ع ٢ (٢٠٢٤): ٢٨٢–٢٨٣.

[29] Middle East Research Institute (n.d.) Though Gaining Ground: Women Politicians in Kurdistan Still Rely on the Quota System to Narrow the Gender Gap. Erbil: MERI. Available at: http://www.meri-k.org/iraqopendata/produced-data-driven-stories/30079-2/ (Accessed: 8 Jan 2026).

[30] VOA News (2024) 'Political Parties in Kurdistan Region Seek Female, Minority Candidates', Voice of America, 2 October. Available at: https://www.voanews.com/a/.../7807125.html (Accessed: 8 June 2026).

[٣١] بڕوانە : https://gov.krd/government/the-cabinet/

[32] Seed Foundation (2021) Gender Analysis: Kurdistan Region of Iraq. Erbil: Seed Foundation. Available at: https://www.seedkurdistan.org/Downloads/GenderEqualityKRI/Gender_Analysis_Of_Iraq.pdf (Accessed: 8 June 2026).

[33]Monica McWilliams, "Women at the Peace Table: The Gender Dynamics of Peace Negotiations," in Gender and Peacebuilding (Lanham, MD: Lexington Books, ٢٠١٥), ١–١٨.

[34]Jennie E. Burnet, "Women Have Found Respect: Gender Quotas, Symbolic Representation, and Female Empowerment in Rwanda," Politics & Gender ٧, no. ٣ (٢٠١١): ٣٠٣–٣٠٦, ٣١٤–٣١٨.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

هەر ڕێبازێک چارەسەری ناهاوسەنگیی بونیادیی دەسەڵات نەکات، هەمان پەراوێزخستن بەرهەم دەهێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر ژمارەی ژنان زیاد بکرێت.[٣٥]

**دووەم:** گرنگیی (کاتی بەشداریکردن) وەک مەرجی سەرکەوتنە. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە هێنانەناوەوەی ژنان دوای دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی دانوستان، توانایان سنووردار دەکات، لە کاتێکدا بەشدارییپێکردنیان هەر لە سەرەتاوە ڕێگە دەدات بە فراوانکردنی خشتەی کارەکان.

**سێیەم:** بەستنەوەی پابەندبوونەکان بە (بودجە) و (میکانیزمی لێپرسینەوە)یە؛ چونکە نەبوونی سەرچاوەی دارایی و میکانیزمی لێپرسینەوە، پلانی کاری نیشتمانی لە ناوەڕۆکە کردەییەکەی بەتاڵ دەکاتەوە.[٣٦]

**چوارەم:** ڕەوایی بەخشینە بە (ئاشتیی بنکەیی یان کۆمەڵایەتی - Grassroots peace). ناوبژیوانیی کۆمەڵایەتی بە ڕێبەرایەتیی ژنان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی ناوخۆیی و بونیادنانی متمانە، بەتایبەت لەو حاڵەتانەی کە وتوێژە نیشتمانییەکان پەکدەکەون، چونکە ژنان لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا توانایەکی بێوێنەیان هەیە بۆ کارکردن واتا لەو شوێنەی کە ڕۆڵی دەزگاکانی دەوڵەت کەمتر دەبێتەوە وەکو خێزان و گەڕەکەکان.[٣٧]

**پێنجەم:** گونجاندنی کەلتووری و تێپەڕاندنی (فێمەنیزمی هاوردەکراو)ە. لە سیاقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە ستراتیژییەکانی بەشداریکردنی ژنان لەگەڵ تایبەتمەندییە کەلتوورییەکاندا بگونجێن، بەو مەرجەی ئەم تایبەتمەندییانە نەبنە پاساوێک بۆ بەردەوامیدان بە پەراوێزخستن. لێرەدا، گوتاری کەلتووری زۆرجار وەک ئامرازێکی پەراوێزخستن کار دەکات نەک وەک فاکتەری تەفسیرکردن؛ بۆیە، گونجاندنی بەشداریکردنی ژنان لەگەڵ سیاقی خۆجێییدا نابێت بە واتای قبوڵکردنی ئەو کۆت و بەندە بونیادییانە بێت کە بەسەریاندا سەپێنراوە.[٣٨]

پوختەی ئەم وانانە ئەوەیە کە پەرەپێدانی بەشداریکردنی ژنان پێویستی بە نزیکبوونەوەیەکی گشتگیر هەیە کە لە یەک کاتدا چارەسەری بونیادە سیاسی و دامەزراوەیی و کەلتوورییەکان بکات؛ چونکە تێکەڵکردنی ژنان پرسێکی تەکنیکی نییە بەڵکو پرسێکی بونیادییە و پەیوەستە بە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەوە. کەواتە، هەر پرۆژەیەکی ئاشتی کە ئەم وانانە فەرامۆش بکات، مەحکومە بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان شکستەکان.

### داخوازی سێیەم: ناکۆکییەکان لە جێبەجێکردنی تیۆری فێمەنیستی لە واقیعدا

گواستنەوەی چەمک و تیۆرییە فێمەنیستییەکان لە کایەی فکرییەوە بۆ مەیدانی پراکتیکی، هەمیشە پرۆسەیەکی ئاڵۆز بووە. لەم داخوازەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو ناکۆکییە جەوهەرییەی لە نێوان ئایدیاڵە تیۆرییەکان و واقیعی جێبەجێکردندا دروست دەبێت؛ بەتایبەت کاتێک ئەم تیۆریانە بەر بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتییە چەقبەستووەکان دەکەون. پرسیارەکە ئەوە نییە ئایا تیۆرییەکە ڕاستە یان نا، بەڵکو ئەوەیە: چۆن واقیعە پیاوسالارییەکان دەتوانن ناوەڕۆکی تیۆرییەکە لە بەها ڕزگاریخوازەکەی دابماڵن؟

#### لقی یەکەم: کەلێنی نێوان تیۆری و پراکتیک

بەراوردکردنی نێوان تیۆری فێمەنیزم و جێبەجێکردنە کردەییەکان لە بارودۆخی ململانێدا، ئەوە نیشان دەدات کە گۆڕانکارییە چەمکییەکان بەرەو (ئاسایشی مرۆیی) نەبووەتە هۆی گواستنەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات لەناو دامەزراوەکاندا. لە کاتێکدا تیۆری وا دادەنێت کە ئاسایش لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنرێت، زۆربەی ئەو وڵاتانەی لەناو ململانێدان هێشتا لۆژیکی قۆرخکاریی ئەمنیی پیاوانە دەپارێزن، کە ئامرازەکانی چەک و دەوڵەت دەبەخشێتە پیاوان و ژنانیش لەناو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە کەم-کاریگەرەکاندا قەتیس دەکات.[٣٩]

لە بارودۆخی عێراقدا، سەرەڕای پەسەندکردنی پلانی نیشتمانی بۆ ئەجێندای (١٣٢٥) لە ساڵی (٢٠١٤)وە، جێبەجێکردنەکە تەنها بە شێوەیەکی ڕێکاری مایەوە و بێ ئامرازی دارایی یان پێوەرەکانی بەدواداچوون بوو. هەڵسەنگاندنە فەرمییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەشداریی ژنان دوای ململانێ تەنها لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دووبارە ڕاهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و فریاگوزاریدا سنووردار کراوە، لە کاتێکدا دۆسیەکانی ئاسایش، دادپەروەریی ڕاگوزەر و داماڵینی چەک لە دەستی نوخبە سیاسی-سەربازییە پیاوەکاندا هێڵدراوەتەوە.[٤٠]

ئەزموونی ڕواندا، هەرچەندە لە ڕووکەشدا جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام هەڵگری هەمان پارادۆکسە؛ دوای (١٩٩٤) وڵاتەکە پەنای بۆ (ئەندازیاریی دەستووری) برد کە نوێنەرایەتییەکی بەرفراوانی بۆ ژنان مسۆگەر کرد (تەنانەت لە پەرلەماندا ٥٠٪ی تێپەڕاند)، بەڵام ئەم

[35] .١PO ,(٢٠٠٠) ١٣٢٥United Nations Security Council, Resolution

[36] .٧OP ,٢OP ,(٢٠٠٠) ١٣٢٥United Nations Security Council, Resolution

[37] UN Women, Preventing Conflict, Transforming Justice, Securing the Peace: A Global Study on the .٧٥–٧٠ ,(٢٠١٥n, New York: UN Wome) ١٣٢٥Implementation of United Nations Security Council Resolution

[38] ,(٢٠٢٣İlhan Demirci, Backlash against and Resistance to Feminist Peacebuilding, PRIF Report (Frankfurt: PRIF, .٩–٧

[39] J. Ann Tickner, Gender in International Relations: Feminist Perspectives on Achieving Global Security (New .٣٦ ,(١٩٩٢mbia University Press, York: Colu

[40] Oxfam International, UN Women, and PAX, Equal Power, Lasting Peace: Women, Peace and Security in Iraq .١٢–١١ ,(٢٠١٨Baghdad: Oxfam International, )

بەهێزکردنە لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناوەندگەرای حیزبیدا قەتیس کرا، کە تێیدا جومگە سەرەکییەکانی بڕیاردان لە یەک ناوەندا کۆکرابوونەوە. بەمەش، ڕواندا تەنها فۆرمی نوێنەرایەتییەکەی گۆڕی بەبێ ئەوەی دەستکاریی ڕەگی قۆرخکاریی بڕیاردان بکات.[٤١]

لە بەرامبەردا، ئەزموونی ئیرلەندای باکوور لە میانی دانوستانە سەرەتاییەکانی ڕێککەوتننامەی بێلفاست (١٩٩٨) نموونەیەکی پێشکەوتووی نیشان دا؛ تێیدا (هاوپەیمانیی ژنان) ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی لە جێگیرکردنی پرسە هەستیارەکانی وەک مافی قوربانییان و دانانی بنەماکانی لێپرسینەوە لەناو دەقی ڕێککەوتننامەکەدا. بەڵام لە قۆناغی جێبەجێکردندا هاوکێشەکە گۆڕا؛ پابەندییە کۆمەڵایەتییەکان پاشەکشەیان پێ کرا و بڕگە جێندەرییەکان لە پابەندیی یاساییەوە بۆ (دەقی ئارەزوومەندانە) دابەزێنرانەوە، چونکە بە هیچ میکانیزمێکی چاودێری، خشتەی کاتی، یان بودجەی تەرخانکراوەوە نەبەسترابوونەوە. دەرەنجامەکەش ئەو ڕاستییە تاڵە بوو کە ئاشتی لەسەر کاغەز بۆ ژنان سەرکەوتن بوو، بەڵام لە مەیدانی پراکتیکدا دۆڕان.[٤٢]

**لقی دووەم: ڕەخنەکانی فێمەنیزمی پۆست مۆدێرنە**

فێمەنیزمی پۆست-مۆدێرن (Postmodern Feminism) ئاراستەیەکی هزری و فەلسەفییە کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، هاوتەریب لەگەڵ شەپۆلی سێیەمی فێمەنیزم و سەرهەڵدانی پۆست-مۆدێرنیزم، دەرکەوت، تێیدا فێمەنیزم لە کایەی سیاسەتەوە بەرەو فەلسەفەی مەعریفە و زانست گواسترایەوە.[٤٣]

ئەم ڕێبازە یەکێکە لەو ڕێبازانەی زۆرترین مشتومڕی لەناو هزری فێمەنیستیدا دروست کردووە، بەهۆی ئەو پێشنیارانەی کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەمکە گەورەکان (وەک خود، ناسنامە، دەسەڵات، دەوڵەت و ئاسایش) دەیانخاتە ڕوو. هەرچەندە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ئامرازی گرنگی بەخشییە فێمەنیزمی ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی توندوتیژیی ڕەمزی، زمانەوانی و مەعریفی، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەریی پێچەوانەشی لێکەوتەوە کە توانای فێمەنیستەکانی لاواز کرد لە داڕشتنی ستراتیژییە سیاسییە کردەییەکاندا.[٤٤]

**یەکەمین** ڕەخنە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە پۆست مۆدێرنیزم کاتێک بوونی (ناسنامەیەکی ژنانەی کۆکەرەوە) ڕەت دەکاتەوە، بزووتنەوەی فێمەنیزم لە بابەتە سیاسییە ناوەندییەکەی خاڵی دەکاتەوە. گوتاری (هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە) وای کرد ژن وەک چینێکی پەرتەوازە دەربکەوێت کە ڕێکخستنی سیاسییان ئەستەم بێت، بەتایبەت لە بارودۆخی ململانێکاندا کە پێویستییان بە نوێنەرایەتییەکی کۆیی بەهێز هەیە. لە دۆسیە عێراقییەکاندا تێبینی دەکرێت کە فرەیی ناسنامەکان، بەبێ چوارچێوەیەکی سیاسیی کۆکەرەوە، بووەتە هۆی ئەوەی بەشداریی ژنان ببێتە کۆمەڵە گروپێکی پەرشوبڵاو لەناو بەرنامە کورتخایەنەکانی وڵاتانی بەخشەردا.[٤٥]

**دووەمین** کێشە پەیوەستە بە شلۆقیی زمانەوانیی (istic FluidityLingu) پۆست مۆدێرنیزمەوە، کە لە وەسفکردنی کێشەکەدا سەرکەوتووە بەڵام دەستەوستانە لە پێشکەشکردنی داڕشتنی یاسایی بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز؛ ئەمەش لە ڕاپۆرتەکانی بەرنامەکانی ئاشتیی عێراق (٢٠١٨-٢٠٢٢)دا دەردەکەوێت کە تێیاندا زمانی (بەهێزکردن) بەکاردێت بەبێ مەرجی دامەزراوەیی پابەندکەر. سێیەمین کێشەش ئەوەیە کە پێداگری لەسەر «هەڵوەشاندنەوەی گێڕانەوە گەورەکان» شەرعییەتی نێودەوڵەتیکردنی کێشەکانی ژنان لاواز دەکات، چونکە دەستەبژێرە نەریتییەکان ئەم گوتارە بەکاردەهێنن بۆ پاساودانی ڕەتکردنەوەی چاکسازیی یاسایی بەناوی (تایبەتمەندیی کەلتووری)یەوە.[٤٦]

بۆیە، بایەخی پۆست مۆدێرنیزم لەوەدا نییە کە وەک جێگرەوەیەک بۆ فێمەنیزمی دامەزراوەیی بەکاربهێنرێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی دەستنیشانکردنە کە قووڵایی توندوتیژیی مەعریفی ئاشکرا دەکات. بەڵام بەدیهێنانی گۆڕانکاری هەر بەستراوەیی دەمێنێتەوە بە ڕێبازەکانی بەیاساییکردن، لێپرسینەوە و گواستنەوەی دەسەڵات؛ ئەمانەش ئەو ڕەگەزانەن کە ڕێبازی پۆست مۆدێرنیزم بە تەنیا ناتوانێت دەستەبەریان بکات.

**لقی سێیەم: کاریگەریی پێکهاتەی کلتووری و سیاسی لەسەر جێبەجێکردن**

شیکردنەوەی ئەزموونی ژنی کورد لە هەرێمی کوردستان دەردەخات کە جێبەجێکردنی تیۆری فێمینیستی لە واقیعدا بە چەند فاکتەرێکی پێکەوە گرێدراوەوە سنووردار دەبێت؛ ئەم فاکتەرانە تەنها بە جێندەر پەیوەست نین، بەڵکو لەگەڵ کۆنتێکستی کەلتووری، سیاسی، دامەزراوەیی و ئابووریی پرۆژەیی تێکەڵ دەبن.

---

[٤١] لوك هويسه ومارك سولتر، العدالة التقليدية والمصالحة بعد النزاعات العنيفة: التعلم من التجارب الإفريقية، الطبعة العربية (ستوكهولم: International IDEA, ٢٠١٧)، ٥٢.

[42] UN Women, Women in Peacebuilding: Strategic Guide (New York: UN Women, ٢٠٢٢), ١٤–١٨.

[٤٣] علياء رضاه رافع، النظرية النسوية ما بعد الحداثة واستشراف المستقبل، المجلة الدولية لدراسات المرأة والطفل، مج ٢، ع ١ (٢٠٢٢)، ص ٢٠– ٣٧.

[44] Fraser, N. and Nicholson, L. (1988) 'Social Criticism without Philosophy: An Encounter between Feminism and Postmodernism', Theory, Culture & Society, 5(2–3), pp. 373-379.

[45] Oxfam International and UN Women, Women's Participation in Peacebuilding in Iraq (Baghdad: Oxfam International and UN Women, ٢٠١٩), ٤, ٧.

[٤٦] جمعية الأمل العراقية، المرأة والسلام في العراق: تقرير تقييم السياسات (بغداد، ٢٠٢٠)، ١٩–٢٠.


- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

فاکتەری یەکەم، کۆنتێکستی کەلتووری و کۆمەڵایەتییە. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، پێکهاتە عەشایەرییەکان و سیستەمی شەرەف مۆدێلێکی باڵادەست بۆ ڕەفتار بونیاد دەنێن، کە تێیدا بەشداریی گشتیی ژنان زۆرجار بە وەلائی پیاوانە، پەیوەندیی خێزانی و سنوورە کلتوورییەکانەوە دەبەسترێتەوە. بەم پێیە، تەنانەت کاتێک ژنان دەرفەتی نوێنەرایەتیی سیاسی و کۆتای ژنان بەدەست دەهێنن، هێشتا لە ناو پارتەکان و دامەزراوەکاندا ڕووبەڕووی سیستەمی واسیتە، مەحسوبییەت و وابەستەیی حزبی دەبنەوە، کە توانای کاریگەریی سەربەخۆیان سنووردار دەکات.(٤٧)

فاکتەری دووەم، پێکهاتەی سیاسی و دامەزراوەییە. لەسەر ئاستی سیاسی، بەڕێوەبردنی ململانێ، ئاشتەوایی و بڕیاردانی ستراتیژی زۆرجار لە ناو تۆڕەکانی حوکمڕانیی پیاوانەدا ئەنجام دەدرێت، کە بەهێزکردنی ژنان، بە تایبەتی لە کەرتە هەستیارەکانی وەک ئاسایش، چەک، دادپەروەریی ڕاگوزەر و ڕێکخستنە ئەمنییەکاندا، وەک هەڕەشەیەک بۆ هاوسەنگیی هێز دەبینرێت. لەم ڕووەوە، بەشداریی ژنان زۆرجار لە ڕۆڵە مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکارییەکاندا قەتیس دەکرێت، لە کاتێکدا دۆسیە سەرەکییەکانی دەسەڵات و ئاسایش لە دەستی نوخبە سیاسی و سەربازییە پیاوانەکاندا دەمێننەوە.(٤٨)

فاکتەری سێیەم، ئابووریی پرۆژەیی و وابەستەیی بە پارەدارکردنی دەرەکییە. لەبری بونیادنانی توانای ناوخۆیی بەردەوام، پارەدارکردنی دەرەکی زۆرجار ئاراستەیەکی کورتخایەن دروست دەکات، کە بە پرۆژەکانی ١٢ بۆ ١٨ مانگ مەحکوم دەبێت. لەم دۆخەدا، پرۆژەکە زۆرجار کۆتایی دێت پێش ئەوەی بتوانێت گۆڕانکارییەکی کلتووری، یاسایی یان دامەزراوەیی بەرهەم بهێنێت. بۆیە بەرنامەکانی تایبەت بە ئەجێندای «ژن، ئاشتی و ئاسایش» ئەگەر تەنها لە ڕاهێنان، وۆرکشۆپ و هۆشیارکردنەوەدا قەتیس بمێننەوە و نەبنە بەشێک لە چاکسازییە یاسایی و دامەزراوەییە پابەندکەرەکان، ئەوا کاریگەرییان لە ئاستی گوتار و ڕەمزدا دەمێنێتەوە.(٤٩)

بۆ نموونە، لە کۆنتێکستی ئەفریقیدا، ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی لە ڕواندا بەدەست هات، بە شێوەیەکی گرنگ پەیوەست بوو بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بڕیاردەر بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە ڕێگەی دەقێکی دەستووری و میکانیزمی کۆتاوە. بەڵام لە زۆرێک لە ژینگە عەرەبی و کوردییەکاندا، لۆژیکی سازش، تەبایی و ڕێککەوتنی پیاوانە بەسەر کلتوری سیاسیدا زاڵە؛ ئەم لۆژیکە بەشداریی ژنان لەو بوارانەدا قبوڵ دەکات کە هەڕەشە بۆ دابەشبوونی دەسەڵات دروست ناکەن، بەڵام گواستنەوەی دۆسیەکانی بڕیاردان، ئاسایش و دادپەروەریی ڕاگوزەر بۆ دەستی ژنان بە ئاسانی قبوڵ ناکات.(٥٠)

لەمەوە دەردەکەوێت کە کۆنتێکستی کەلتووری، سیاسی و ئابووری تەنها بەرگێکی دەرەکی نییە بۆ تیۆری فێمینیستی، بەڵکو ئەو پێکهاتەیەیە کە چارەنووسی جێبەجێکردنی تیۆرییەکە دیاری دەکات. هەر پرۆژەیەکی ئاشتی کە ڕووبەڕووی سیستەمی شەرەف، عەشیرەت، یادەوەریی تائیفی، حیزبایەتی، پیاوسالاریی دامەزراوەیی و وابەستەیی بەخشەرەکان نەبێتەوە، فێمینیزم تەنها دەگۆڕێت بۆ زمانێکی ڕەمزی بێ کاریگەریی بونیادی. بۆیە تێپەڕاندنی ئەم هۆکارانە پێویستی بە دەسەڵاتێکی یاسایی و دامەزراوەیی هەیە کە کارەکتەرە سیاسییەکان پابەند بکات، لەگەڵ دووبارە داڕشتنەوەی عەقڵی جەمعی و پاراستنی ژنان لە ناو دامەزراوەکانی ئاسایش، دادوەری و بڕیارداندا.

**دەرئەنجام**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ڕوانگەی تیۆری فێمەنیستی بۆ بەشداریکردنی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا هەڵبسەنگێنێت، لە ڕێگەی گواستنەوە لە چوارچێوەی تیۆری و چەمکسازییەوە بەرەو هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکان و شیکردنەوەی ناکۆکییەکانی جێبەجێکردن. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی سەرەکی کە گریمانە بنەڕەتییەکەی پشتڕاست دەکەنەوە، واتە ئەوەی کە بەشداریی کارای ژنان مەرجێکی بونیادییە بۆ ئاشتیی بەردەوام، نەک زیادکردنێکی ڕەمزی.

لە ئاستی تیۆریدا، دەرکەوت کە فێمەنیزم چوارچێوەیەکی شیکاریی قووڵ پێشکەش دەکات کە چەمکی ئاشتی لە (ڕاگرتنی شەڕ – ئاشتیی نەرێنی)ەوە دەگوازێتەوە بۆ (ئاشتیی ئەرێنی) کە لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان دامەزراوە؛ بڕیاری (١٣٢٥) و ئەجێندای (ژن، ئاشتی و ئاسایش)یش ئەم گۆڕانە چەمکییەی بە شێوەیەکی نۆرمی و یاسایی چەسپاند.

لە ئاستی هەڵسەنگاندندا، ئەزموونە بەراوردکارییەکان (بەتایبەت کۆلۆمبیا) دەریانخست کە بەشداریی کارای ژنان دەستکەوتی بەرچاوی هەبووە لە باشترکردنی کوالێتی و شەرعییەتی ڕێککەوتنەکان و فراوانکردنی ئەجێندای دانوستان، بەڵام ئەم سەرکەوتنانە هاوتەریب بوون لەگەڵ شکستی بونیادی (وەک ئەزموونی کوردی، ئیرلەندای باکوور و ڕواندا) کە بەشێکی زۆری بۆ بەردەوامیی هەژموونی پیاوسالاری و لاوازیی پشتگیریی دامەزراوەیی دەگەڕێتەوە، نەک بۆ لاوازیی ژنان. ئەمەش گرنگترین وانە دەردەخات: شکستەکە لە سروشتی چوارچێوەکەدایە، نەک لە تواناکانی ژنان.

[47] Saeed Bagheri, “Gender Equality in the Decision-Making Processes of Post-War Societies: Evidence from Iraqi Kurdistan,” Journal of Human Rights Practice 14, no. 2 (2022): p. 624.
[48] Oxfam International, UN Women and PAX, Equal Power, Lasting Peace: Women, Peace and Security in Iraq (Baghdad: Oxfam International, 2018), p. 11.
[49] UN Women, Preventing Conflict, Transforming Justice, Securing the Peace: A Global Study on the Implementation of United Nations Security Council Resolution 1325 (New York: UN Women, 2015), p. 70.
[50] Ibid.

لە ئاستی شیکردنەوەی ناکۆکییەکاندا، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە کەلێنی نێوان تیۆری و پراکتیک لە بنەڕەتدا کەلێنی (دەسەڵات)ە نەک (مەعریفە)؛ چونکە بونیادە سیاسی، کەلتووری و دامەزراوەییەکان (وەک سیستەمی شەرەف، عەشایەرییەت، کرێاریی سیاسی و ئابووریی بەخشەرەکان) دەتوانن تیۆرییە فێمەنیستییەکان لە بەها ڕزگاریخوازەکەیان دابماڵن. هەروەها دەرکەوت کە پۆست-مۆدێرنیزم وەک ئامرازێکی دەستنیشانکردنی توندوتیژیی مەعریفی بەسوودە، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت گۆڕانکاری بەدیبهێنێت بەبێ بەیاساییکردن، لێپرسینەوە و گواستنەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات.

**پێشنیارەکان**

لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتووە، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەش دەکرێن بۆ گۆڕینی بەشداریی ژنان لە ئامادەییەکی ڕەمزییەوە بۆ کاریگەرییەکی بونیادی و بەردەوام:

**یەکەم:** گۆڕینی پارادایمی نوێنەرایەتی لە (ژمارە)یەوە بۆ (کاریگەریی دامەزراوەیی)، واتە دیزاینکردنەوەی پێکهاتەکانی ئاشتی بەجۆرێک کە تێکەڵکردنی کردەیی ژنان لە پێگەکانی بڕیارداندا مسۆگەر بکات، نەک تەنها زیادکردنی ژمارەیان، چونکە هەر ڕێبازێک چارەسەری ناهاوسەنگیی دەسەڵات نەکات هەمان پەراوێزخستن بەرهەم دەهێنێتەوە.

**دووەم:** مسۆگەرکردنی بەشداریی ژنان هەر لە قۆناغی سەرەتایی دیاریکردنی ئەجێندای دانوستانەوە و بەردەوامیی ئەم بەشدارییە لە هەرسێ قۆناغدا (پێش دانوستان، لە کاتی دانوستان و دوای ڕێککەوتن)، چونکە کاتی بەشداریکردنەکە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە سروشتی بەشداریکردنەکە.

**سێیەم:** بەستنەوەی پابەندبوونە جێندەرییەکان بە بودجەی تەرخانکراو و میکانیزمی لێپرسینەوەو بەدواداچوونی پێوانەهەڵگرەوە، تا بڕگە جێندەرییەکان لە (دەقی ئارەزوومەندانە)وە نەمێننەوە و بگۆڕێن بۆ پابەندیی جێبەجێکراو، وەک ئەوەی ئەزموونی عێراق دەریخست.

**چوارەم:** مامەڵەکردن لەگەڵ کۆتای جێندەری وەک ئامرازێکی ڕاگوزەر کە بەستراوەتەوە بە چاکسازیی قووڵی حزبی و دامەزراوەیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادە پیاوسالارییەکان، نەک وەک ئامانجێکی سەربەخۆ، چونکە کۆتا لە غیابی چاکسازیی ڕیشەییدا تەنها نوێنەرایەتییەکی شکڵی بەرهەم دەهێنێت.

**پێنجەم:** چاکسازیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ چەسپاندنی چەمکەکانی یەکسانی، ئاشتی و ڕۆڵی ژن، وەک ئامرازێکی درێژخایەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەما کەلتوورییەکانی توندوتیژی و دروستکردنی قبوڵکردنێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی بۆ بەشداریی ژنان.

**شەشەم:** پشتگیریکردنی ئاشتیی بنکەیی و کۆمەڵایەتی (Grassroots peace) بە ڕێبەرایەتیی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها دانپێدانان بە ناوبژیوانیی نافەرمیی ئەوان، بەتایبەت لەو حاڵەتانەی کە وتوێژە فەرمییەکان پەکدەکەون.

**حەوتەم:** گونجاندنی ستراتیژییەکانی بەشداریکردنی ژنان لەگەڵ سیاقی خۆجێییدا بەبێ ئەوەی (تایبەتمەندیی کەلتووری) ببێتە پاساوێک بۆ پەراوێزخستن.

**هەشتەم:** دامەزراندنی دەسەڵاتێکی یاسایی پابەندکەر بۆ کارەکتەرەکان، لەگەڵ پاراستنی ئامادەیی ژنان لەناو دامەزراوەکانی ئاسایش و دادوەریدا (واتە دۆسیە هەستیارەکانی بڕیاردان)، تا گواستنەوەی گوتار بۆ واقیعێکی جێبەجێکراو مسۆگەر بکرێت.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


1. Boutros-Ghali, Boutros. An Agenda for Peace: Preventive Diplomacy, Peacemaking and Peace-keeping. U.N. Doc. A/47/277–S/24111. New York: United Nations, 1992.
2. Bouvier, Virginia M. Gender and the Role of Women in Colombia's Peace Process. New York: UN Women, 2016.
3. Bryson, Valerie. Feminist Political Theory: An Introduction. 2nd ed. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2003.
4. Burnet, Jennie E. "Women Have Found Respect: Gender Quotas, Symbolic Representation, and Female Empowerment in Rwanda." Politics & Gender 7, no. 3 (2011): 303–334.
5. Council on Foreign Relations. Women's Participation in Peace Processes. New York: CFR, 2017, 2019.
6. de Beauvoir, Simone. The Second Sex. Translated by E. M. Parshley. New York: Vintage, 1973.
7. Demirci, İlhan. Backlash against and Resistance to Feminist Peacebuilding. PRIF Report. Frankfurt: PRIF, 2023.
8. Galtung, Johan. "Violence, Peace, and Peace Research." Journal of Peace Research 6, no. 3 (1969): 167–191.
9. Hendessi, Mandana. "The Kurdish Women's Movement." In The Kurds: The Struggle for National Identity and Statehood. Agenda Publishing, 2024.



- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10388
- **Submission Date:** [5/3/2026], **Revised Date:** [25/5/2026], **Accepted Date:** [30/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

10. hooks, bell. Feminism Is for Everybody. 2nd ed. New York: Routledge, 2015.
11. Lederach, John Paul. Building Peace: Sustainable Reconciliation in Divided Societies. Washington, DC: United States Institute of Peace Press, 1997.
12. McWilliams, Monica. “Women at the Peace Table: The Gender Dynamics of Peace Negotiations.” In Gender and Peacebuilding. Lanham, MD: Lexington Books, 2015.
13. Offen, Karen. “Defining Feminism: A Comparative Historical Approach.” Signs 14, no. 1 (1988): 119–157.
14. Oxfam International, UN Women, and PAX. Equal Power, Lasting Peace: Women, Peace and Security in Iraq. Baghdad: Oxfam International, 2018.
15. Oxfam International and UN Women. Women's Participation in Peacebuilding in Iraq. Baghdad: Oxfam International and UN Women, 2019.
16. Paffenholz, Thania. Civil Society and Peacebuilding: A Critical Assessment. Boulder, CO: Lynne Rienner, 2010.
17. Paffenholz, Thania, et al. Making Women Count—Not Just Counting Women: Assessing Women's Inclusion and Influence on Peace Negotiations. Geneva: Inclusive Peace and Transition Initiative and UN Women, 2016.
18. Reychler, Luc. “From Conflict to Peacebuilding: Concepts and Definitions.” In Peacebuilding: A Field Guide, edited by Luc Reychler and Thania Paffenholz, 3–16. Boulder, CO: Lynne Rienner, 2001.
19. Tickner, J. Ann. Gender in International Relations: Feminist Perspectives on Achieving Global Security. New York: Columbia University Press, 1992.
20. True, Jacqui. “Feminism.” In Theories of International Relations, edited by Scott Burchill et al., 3rd ed. New York: Palgrave Macmillan, 2005.
21. UN Women. Preventing Conflict, Transforming Justice, Securing the Peace: A Global Study on the Implementation of United Nations Security Council Resolution 1325. New York: UN Women, 2015.
22. UN Women. The Peace Deal That Put Women First: What Colombia Taught the World. New York: UN Women, 2025.
23. UNESCO. Gender Equality: Heritage and Creativity. Paris: UNESCO, 2013.
24. United Nations Security Council. Resolution 1325 (2000) on Women, Peace and Security. S/RES/1325. New York: United Nations, 2000.

**دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :**

١. التليدي، بلال. بناء السلام: المفاهيم والمقاربات والإشكالات. الدوحة: مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٦.
٢. الرحبي، ميه. النسوية: مفاهيم وقضايا. دمشق: الرحبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤.
٣. جامبل، سارة. النسوية وما بعد النسوية. ترجمة أحمد الشامي. القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٢.
٤. جمعية الأمل العراقية. المرأة والسلام في العراق: تقرير تقييم السياسات. بغداد، ٢٠٢٠.
٥. شرهان، فؤاد حسين أحمد. "تطور مفهوم بناء السلام في العلاقات الدولية." مجلة المؤتمرات والندوات العلمية، جامعة الملكة أروى، مج ١، ع ٨ (٢٠١٩).
٦. شيفرد، ليندا جين. أنثوية العلم. ترجمة يمنى طريف الخولي. الكويت: مطابع السياسة، ٢٠٠٤.
٧. صالح، حميد عبدالله. "معوقات تمكين المرأة في إقليم كوردستان العراق بمنظور الجغرافية السياسية." مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، مج ٣١، ع ٢ (٢٠٢٤).
٨. هويسه، لوك، ومارك سولتر. العدالة التقليدية والمصالحة بعد النزاعات العنيفة: التعلم من التجارب الإفريقية. الطبعة العربية. ستوكهولم: International IDEA، ٢٠١٧.
٩. ودود، آمنة. القرآن والمرأة: إعادة قراءة النص القرآني من منظور نسوي. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٦.